دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک

# حاجیلە

کانونی دووەم ٢٠١١

٧

بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
ئەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
حاجی قادری کۆیی

پەپوولەیەک لە دایکی ئاراوە و خۆی کردووە بە گۆوارەکەماندا، ئەگەر دۆزیتەوە، خەڵاتی ژمارەکانی یەک ساڵی گۆوارەکەمان بۆ خۆت دەبێت.



نیگار : نەجات عەبدوڵڵا



## بێچووی ئاژەڵان

سێ چڕنووکی بەهێزم هەیە لە هەر یەکێک لە پەلەکانم. ئەم چڕنووکانە بۆ خۆ هەڵواسین بەلقی دارانەوە بەکاریان دێنم. خۆشم سەرەوژێر هەڵدەواسم.

دەزانن من کێم؟

دایکی من ورچی تەمبەڵە. بۆیەش ئەم ناوەمان هەیە چونکە بەهیچ شێوەیەک خێرا ناجووڵێینەوە و بەردەوام زۆر لەسەر خۆ و هێواش دەجووڵێیلەوە.

تا : زەریف



# جیهانی گوڵ


لە ئنگلیزییەوە: بابی هیوا - کەرکووک

## ستریلیتزیا ریجینا



نیشتمانی ئەم گوڵە باشووری ئەفریقیایە، ئەم ڕووەکە بۆ بەرهەمهێنانی گوڵ لە خانووی شووشەییدا دەروێنرێ.

## ستیفانۆتس فلۆریبەندا



نیشتمانی ئەم گوڵە مەدەگەشکەرە. گوڵەکانی لەسەر لاقی کورت وەستاون و لەبەر ناسکی لەنێو کیسەی تەنکدا دێنە فرۆشتن.

## سوود و کرینکییەکانی گوڵ

ئا: سەربەست ئەحمەد - هەولێر

وێڕای فرمانە سەرەکییەکانی گوڵ، کە کرداری تۆخمە زۆربوونە، هەندێک سوودی تریشی هەن، وەک:

١. بۆنوبەرامە و جوانیی ڕەنگەکانی ئاسوودەیی و خۆشی بەدەروون دەبەخشن.
٢. هەندێک گوڵ بۆ خۆراکی مرۆڤ بەکار دێن، وەک گوڵە قەرنابیت.
٣. سەرچاوەیەکی ناڕاستەوخۆی زۆر بەرهەمی سوودبەخشن بۆ مرۆڤ، وەک هەنگوین.
٤. هەندێکیان بایەخێکی پزیشکیی زۆریان هەیە، وەک گوڵە حاجیلە و گوڵی ماوی (گوڵی زمانەگا).
٥. زۆر جۆر بۆنی لێ دەردەهێنرێت، وەک گوڵاو و ئاوی وەنەوشە و هی تر.
٦. قازانجێکی زۆر دەبەخشێت و بازاڕ و برەوێکی زۆری لە جیهاندا هەیە.
٧. هەندێکیان بایەخی زانستیی تایبەتیان هەن، بە بەکارهێنانیان لە تاقیکردنەوەی سیفەتە بۆماوەییەکاندا، وەک گوڵی پۆلگە و دەمەشێر و هی تریش.

*سەرچاوە: زیندەوەرزانی. بۆ پۆلی دووی ناوەندی.*



# شیعر



## بۆق

ژاکاو ئەنوەر - کەرکووک

وەرە بۆقە سەوزەکە
لاچۆ لەسەر قەوزەکە
مەترسە من لەق لەق نیم
هەرگیز دوژمنی بۆق نیم
دە دەی بۆم بقیڕێنە
تۆزێک شادیم بۆ بێنە
لەگەڵما گەمان بکە
باسی خۆتم بۆ بکە
دەڵێن لە سەرەتاوە
ژیانت لەنێو ئاوە
مەلە ئەکەی وەک ماسی
ئەی ئاخنکێی؟ ناترسی؟
بە زمانت پێشکە دەگری
بۆ ئەوەی بژی و نەمری
ئادەی ئۆخەی بۆقەکە
قسەکە و لیم مەتۆقە

## کەرکووک

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی / سلێمانی

کەرکووک شارە شیرینەکەم
شارە شەنگ و دێرینەکەم
شاری ئاخ پڕ بڵێسەو گڕ
شاری قەڵا و بابە گوڕ گوڕ
لە مێژەوە لەوەتای هەی
تۆش شارێکی ئەم هەرێمەی
وەک هەولێر و سلێمانی
تۆش شارێکی کوردستانی
قسەی ناحەز ئاوەژووە
پێچەوانە بە مێژووە
وا ئەمڕۆ بۆ کورد بوونی تۆ
کوچە و کۆڵان هاتوونە گۆ
بە دەنگێکی بەرز و زوڵاڵ
ژن و پیاو و گەورە و منداڵ
دەڵێن کەرکووک کوردستانە
بیلبیلەی چاوی کوردانە



# فەرهەنگی حاجیلە

بێلان - کەرکووک

ئارم: arm قـۆڵ، قۆڵ ئەو ماوەیەیە کە لە نێوان شان و دەستە.

ئارمچێـر: armchair کورسـیی قۆڵدار، بەو کورسـییە دەڵێن کە لە هـەردوو لاوە قۆڵی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لەسەری دانیشتووە باڵیان پێوە بداتەوە یان قۆڵەکانی خۆی لەسەر دابنێ.

ئەرێنـج: arrange ڕێکـی خسـت، ئەگەر شـتەکان بەشـێوەیەکی ڕێـک و بەپێـی سیسـتمێک دابنێیـت ئەوا شـتەکانت ڕێک خستووە.

ئارت: art هونەر، هونەر کارێکی تایبەتە کە کەسێک دەیکات، وەک کێشانی وێنەیەک یان داتاشینی پەیکەرێک.

ئاسک: ask پرسـیار، داوا، پرسیار ئەوەیە کە شـتێک لـە یەکێک دەپرسـی بۆ ئەوەی زانیاریت دەست بکەوێ.

داواش بریتییـە لـەوی کـە داخوازیـی دەستکەوتنی شتێک بکەی.

ئەسـلیپ: asleep نووسـتوو، خەوتـوو، نووسـتوو ئەو کەسـەی کە بەتـەواوی لە ئیسراحەتدایە و ئاگای لە دەوروبەر نییە.



## تیرۆریزم

بروا ڕەزاق - سلێمانی

بەمانا کێوی و دڕندە دەگرێتەوە. تیرۆریست بەپیاوکوژ و دەستوەشـێن دەوترێت، واتا ئەو جۆرە کەسانەن لە پیاوکوشـتن و کرداری خراپە سـڵ ناکەنەوە. هەڕەشە لـە خەڵک دەکەن و ئەم و ئەو دەترسـێنن، ترس دەنێنە دڵی خەڵکـەوە، خەڵک دەرفێنن و دەیشـارنەوە. ئەمانە لـە پێناوی گەیشـتن بەئامانجـە نارەواکانیـان، یاخۆ بڵاوکردنـەوی ئایدیۆلۆجییەکەیانـدا، چ چینایەتـی، یا ناسیۆنالیسـتی، یاخود ئایینی بێت، دەسـت بۆ هەموو کارێکـی نارەوا دەبەن. باشـترین نموونەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدەیە.

## ناوی کورانەی نوێ

زەردەشت نوری - چەمچەماڵ

- ئارتین : تینی ئاگر
- ئاروین : ئەزموون، تاقیکردنەوە
- بەتین : بەهێز
- بەسام : سامدار
- پێوار : نادیار
- دیاکۆ : یەکەمین پادشای دەکان بووە
- ڕاڤیار : ڕاوکەر
- ڕەندۆ : میرخاس
- ژارۆ : لابەری خەم و مەینەت، ژان ڕەوێن
- کەژەوان : ڕاوکەر





لیۆ تۆلستۆی

ئارەزوو حەمید - کەلار

لیۆ تۆلستۆی فەیلەسووف و نووسەرێکی ڕووسە. ساڵی ١٨٢٨ لەدایک بووە. یەکەمین بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە ژیننامەی خۆی بوو، کە ناوبانگی پێدەرکرد، ئەو کتێبانەی دایناون بریتین لە «منداڵی» سـاڵی ١٨٥٢ نووسیویەتی و، «ڕواڵی» ساڵی ١٨٥٤ و، «گەنجی» ساڵی ١٨٥٧ نووسراوە.

دواتر تۆلسـتۆی ڕۆمانی «قۆزاقەکان»ی لە ١٨٦٣ نووسـی و دوای ئەوە «شـەڕ و ئاشـتی»ی نووسی کە ڕەخنەگران بەمەزنترین ڕۆمانەکانی دنیای دادەنێن. کە باس لە شەڕەکانی ناپلیۆنی سەرکردەی فەرەنسایی دەکات. جگە لەمەش ڕۆمانی «ئانا کارنینا» لە سـاڵانی ١٨٧٥-١٨٧٧ نووسـیویەتی کـە چیرۆکێکی خەمناکی ئەخلاقییـە لە کۆمەڵگەیەکی بێ نەرێتدا. تۆلسـتۆی زۆر چیرۆکی فۆلکلۆریی بۆ منداڵان نووسـیوەتەوە. هەر لە گوندەکەی خۆیانـدا قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی جووتیار و هەژار کردوەتەوە.

تۆلسـتۆی بڕوای بە خۆشـەویسـتیی نێـوان خەڵک هەبوو، هـەروا دەیوت، بۆ لەناوبردنی خراپـەکاری نابێ توندوتیـژی بەکاربهێنری. بـڕوای بەهاوکاریی جووتیارانی سادە هەبوو بۆ ئەوەی ژیانێکی پڕ سـەروەری بەسـەر ببەن و، چیی تر لەلایەن خاوەن موڵکەکانەوە نەچەوسێنرێنەوە.

بیروباوەڕی تۆلسـتۆی جێی سـەرنجی خەڵکانێکی زۆر بوو، بەتایبەتی لە بواری ڕەتکردنەوەی توندوتیژیدا.

لە ڕۆژانی کۆتاییی تەمەنیدا تۆلستۆی گرینگیی بەزانستی ئەخلاق و چاکسازیی کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی دەدا. تەنانەت نیازی دەست بەردانی لە موڵک و ماڵی خۆی هەبوو و دەیویست بەجووتیارانیان ببەخشێ.

تۆلستۆی ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوایی کرد. لەژێر دارێکی گەورەی باخچەکەیاندا نێژرا.

## باپیرە و کوڕەزاکەی

تۆلستۆی

وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە

ڕێواس ئەحمەد - سوید



باپیـرە لەگەڵ کوڕەکـەی و بووکەکـەی و کوڕەزاکەیـدا دەژیا. ڕۆژێـک پێکەوە لەسـەرمێزەکە نانیان دەخوارد. باپیرە لەبەرئەوەی چاوی بەباشی نەیدەبینی، قاپەکەی لەدەست کەوتەخوارەوە و شـکا. کوڕەکەی لێی تووڕەبوو. ئیتر لەو ڕۆژەوە باپیرە لەسـەر مێزەکە نانی نەدەخوارد، بەڵکو لەسـەر زەوییەکە و نانی لە قاپێکی تەختەدا دەخوارد.

ڕۆژێکیان بینییان کوڕەکەیان خەریکی دروستکردنی قاپێکە لە تەختە. لێیان پرسی:

ـ ئەو قاپە بۆ کێ دروست دەکەیت؟

کوڕەکە لە وەڵامدا وتی:

ـ ئەو قاپە بۆ ئێوە دروستدەکەم، کاتێ کە پیربوون نانی تێدا بخۆن.

ئیتر کوڕەکە و ژنەکەی تێگەیشـتن وا ئەوان لەگـەڵ باپیرەدا هەڵەیان کردووە. ئیتر لەو ڕۆژەوە باپیرە لەگەڵ ئەواندا و لە سەرمێزەکە دادەنیشت نانی لە قاپی شووشەدا دەخوارد.

# کڵاوسوور

میلا جەمیل




















«ئەی داپیرە بۆ گوێچکەکانت وا درێژەوە بوونە؟» گورگ وەڵامی دایەوە «بۆ ئەوەی باشــتر گوێم لە دەنگت بێ، گیانەکەم».
«ئەی بۆ دەمت ئەوەندە گەورە بووە؟»، وەڵامی دایەوە «بۆ ئەوەی باشتر قووتت بدەم».
لەم کاتەدا گورگە لە نێو جێیەکەوە دەرپەڕی و کڵاوسووری قووت دا.


دوای ئـەوەی گورگـە تێر بوو، خـەو دایگـرت، بڕیاری دا
سەرخەوێک بشـکێنێ ئینجا بەرەو دارسـتان بگەڕێتەوە و
لە نێو پێخەفدا ڕاکشـا. چاوەکانـی نووقاند و چووە خەوێکی
قووڵەوە.


دوای ماوەیەکی کـورت، ڕاوچییەک بەو ناوەدا کوزەری کرد
و، پرخەپرخـی گورگە سـەرنجی بەکێش کـرد. بۆیە هات و
دەرگەی خانووەکەی کردەوە و زانیی چی ڕووی داوە


ئینجا دەسـتی دایە مقەسـتێک و سکی
گورگی نووسـتووی هەلدڕی. یەکەم
جـار کڵاوسـوور هاتـە دەر و دوای
ئەویش داپیرە هاتـە دەرەوە و کوتی:
«دەبێ ئەم گورگە باش تەمێ بکەین».
ڕاوچییەکە دوای ئەمە سکی گورگەی
پڕ لە بەرد کرد و درووییەوە.


گورگە لە دڵی خۆیدا گوتی «پێ دەچێ زێدەخۆریم
کردبێ! و، ئەوەندەی نەبرد لەسـەر قەرەوێڵەکە
کەوتە خوارەوە و دەنگێکی سەیری لێوە هات.
کڵاوسووریش گەڕایەوە ماڵی خۆیان و، ئاهەنگی
بۆ سـاز کرا. بەڵێنیشـی بەدایکی دا. دوای ئەمە
بەردەوام گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی دایکی بێ.


بەمەبەسـتی ئاهەنگیش کڵاوسـوور و دایکی ئەو
کولیچانەیان خوارد کە دایکە بۆ داپیری کڵاوسـوور
ئامادەیانی کردبوو.

## دەستار

مریەم نەسرەدین-بازیان



پێشان وەکو ئێســتە تەکنەلۆجیا پێشنەکەوتبوو، ئامێرەکانی وردکردن و کوتان و هارین نەبوون، ئەگەر بووشــبێتن ئــەوا لە ولاتانی ئێمە زۆر کەم بــوون، بۆیە بۆ هەر پێویستییەک ئامێرێک هەبوو، لە دۆلدا گەنم دەکوترا، لە هاوەن بیبەر و شــتی وا ورد دەکرا بە دەســتار ساوار و برویش و نیسک دەهارران.

دەســتار لە دوو بەردی پــان و کەمێک گەورە و زبر و شێوە بازنەیی وخڕ دروســت دەکرا، بەردی ژێرەوە، لە شــوێنێک لەبان پارچە موشــەمایەک دادەنرا و بەردی دووەمی دەخرایە ســەر کە کونێکی تێدا بوو بۆ ئەوەی ئەختێنەکەی تێبکەن و بکەوێتە نێوان هەردوو بەردە پان و خڕەکە. هەروەها بەردەکەی ســەرەوە دەسکێکی داری پێوە بوو بۆ ئەوەی بتوانن بەهۆی ئەو دەسکەوە دەستارەکە بسووڕێنن و ساوارەکە یان نیسکەکە بهاڕن.

ئەمەش لەلایەن دوو ئافرەتەوە کە بەرانبەر یەک دادەنیشن ئەنجام دەدرا و کارەکە بەڕێوە دەچوو.

## مۆزەخانەی کولتووری کوردەواری

لیمۆ ئەحمەد-سەنگەسەر

مەتحەتۆکە: چەند تووردەکەیەکــی بچووک بوو دەرمانی بۆ نەخۆشی تێدەکرا و دەکرا بە ملی منالان.

قونداغ: قوماتە: پارچە قوماشــێکی بەزۆری ســپییە منالانی ساوای پێ دەپێچرێتەوە.

کلدان یا کولتوور: توورەکەیەکی بچووکە، کلی هاڕراوەی تێ دەکرێت بۆ چاوڕشتن بەکاری دەهێنن .

چەفتە: پارچە قوماشــێکی بە سیم چێنراوە، پێشان ئافرەتان بۆ ســەر و بەستەیان بەکاریان دەهێنا.





## شیر

ڕۆژ محەمەد

شیر بە گرینگترین و بەسوودترین ئەو خواردنەوانە دادەنرێت کە مرۆڤ ئاشنایان بووە.

ســەرچاوە مێژوویییــەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە مرۆڤ. شــیری لە ٦ هەزار و ٥٠٠ ســالی پێش زایینەوە ناسیوە.

تۆژەرانیــش دووپاتیان کردووەتەوە، لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوین و ڕووســیادا دەفری گلین دۆزراونەتەوە، کە بۆ خواردنەوەی شــیر بەکار هێنراون. هەلکۆلین و نەخش و نیگارەکانی ئەم ولاتانەش دەریانخستووە، کە دانیشتووانی ئەم ناوچانە بایەخیان بە پەروەردەکردنی بزن و مەڕ و مانگا داوە بۆ سوود وەرگرتن لە پێست و کەول و خوری و تووکیان، بەلام ئاژەلەکانیان دۆشیوە و شیرەکەیان فرێداوە. تاکو لە سالی ٤ هەزاری پێش زایین بە ڕێککەوت تامی شیریان کردووە.

لەگەل پێشــکەوتنی ســەردەم و دەرکەوتنی ئایینەکان، شیر بووە بەشــێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤ و فێری خواردنەوە و پیشەســازیی شــیرەمەنی بووە و ماســت و پەنیر و کەرە و بەروبوومی تری لە شیر دروست کردووە.

پزیشکانیش ئەو ڕاستییەیان دەرخستووە، شیر زۆربەی ئەو توخمانەی تێدایە کە لەشی مرۆڤ پێویســتییەتی، بەتایبەتیش کالیسیۆم و چەوری و ڤیتامینەکان، کە بۆ گەشە و پتەو بوونی ئێسقانی مندالی ساوا زۆر پێویستن و پســپۆرانی ئەم بووارە جەخت لەســەر شیری سرووشــتی دەکەنەوە و هانی دایکان دەدەن شیری خۆیان بدەنە کۆرپەکانیان، نەک بە شیری قوتوو گەورەیان بکەن.

## مەتەڵ


عوسمان دەرویش شکور - کەرکووک

مەتەڵ شەش پیتە ئەمجارە
نە دەخورێت و نە گیاندارە
چی بلێی. دەلێ بەسەرچاو
یۆتی دەخاتە سەر پەڕاو
پیتی یەک و دوو بەکارە
ئەندامە لە گشت گیاندارە
پیتی پێنج لە گەل دوو و چواری
بیکرە ئەگەر کرێاری




بەهێزترین ماسوولکە
لە جەستەی مرۆڤداچ
ماسوولکەیەکە

دوادەلیڤە ٢/٢٥



# بۆچی لە کاتی نووستندا دەپرخێنین؟

شەونم عەلی - عەربەت

مرۆڤ کاتێک دەنوێت و لە ڕێگەی دەمییەوە هەناسە دەدات، ئەو پەردە نەرمەی لە کۆتایی و سەرەوەی دەمیدایە دەلەرێتەوە. بەوەش دەنگێکی نامۆ دەردەکات کە پێی دەگوترێت (پرخە).
زۆر جاران وا دەبێ ئەو لرفەلرف و لەرینەوانە وادەکەن هەردوو کولم و هەردوو لێوی لووت بلەرێنەوە. بەمەش دەنگی پرخەکە بلندتر دەبێت، بەڵام پرخاندن لە کاتی بێزاریدا هەرگیز ڕوونادات. دەتوانین تا رادەیەک کۆنترۆڵی پرخەکەمان بکەین، ئەگەر هات و دەم و لووتمان پاک بکەینەوە، لە پێش نووستندا، کە دەبێتە هۆی هەناسەدان لە ڕێگەی لووتەوە. هەناسەدان لە ڕێگەی دەمەوە زیانی زۆریشی هەیە بۆ تەندروستی لەبەر ئەوەی میکرۆبی زۆر لە نەخۆشییەکان راستەوخۆ دەچنە ناو دەمەوە دەشێت ببێتە هۆی تووشبوون بەهەندێک نەخۆشی، بۆیە پزیشکەکان ئامۆژگاریمان دەکەن کە خۆمان رابێنین لە ڕێگەی لووتەوە هەناسە بدەین.



# هاوینەهەواری جوندیان

پێلان شەریف - شوان

ئەم هاوینەهەوارە دڵگیرە دەکەوێتە دووریی ١١٢ کم ی باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوە، هەروەها دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سۆران و ڕەواندزەوە و لە قەدپاڵی دیوی باکوری چیای هندرێنە. کانییەکی تێدایە ئاوێکی بەخور و سازگاری لێ هەڵدەقولێت، هەندێک جار کانییەکە بەبەر چاوی گەشتیارانەوە لە ناکاو وشک دەکات و نامێنێت، ئەوی دەمێنێتەوە تەنیا ئەشکەوتێکی قووڵ و ترسناکە، هاتنەوە و گەڕانەوەی ئاوەکە کاتی دیارکراوی نییە. خەڵکی دەڤەرەکە پێیان وابووە جنۆکان ئاوەکە دەگرنەوە و کاری تایبەتیان پێیەتی. بۆیە پێیان گوتووە ئاوی جنۆکان، یاخۆ ئاوی جوندیان، کە کۆی جنۆکەیە.
ساڵی ٢٠٠٨ گازینۆ و چێشتخانەی سێ نهۆمیی تێدا دروست کراوە. شوێنی هاوینەهەوارەکە وەک نیمچە گەلییەک وایە، لای خوارەوەشی ڕووبارێک هەیە لە چیاکانی ناوچەی باڵەک سەرچاوەی گرتووە و دەچێتە گەلی عەلی بەگ و دەرژێتە زێی گەورەوە. هاوینەهەواری جوندیان بەدار و درەختی بلند داپۆشراوە کە سێبەرێکی زۆریان هەن و دەروونی گەشتیاران ئاسوودە و ئارام دەکەن.





# تەمەنی مێروولە

ماردین بەکر

مێرووڵە ئەو مێرووە کۆمەڵایەتییە ژیرەیە، کە بەکۆمەڵ دەژی و شێوە و جۆری زۆرن.
نێرە و شاژن و کارکەرەکانیان تەمەنیان جیاوازە، نێرەکانیان کورتترین تەمەنیان هەیە و تێکرای تەمەنیان لە چەند هەفتەیەک تێناپەڕێت، بەڵام کارکەرەکانیان تەمەنیان چەند مانگێکە و شاژنەکانیان درێژترین تەمەنیان هەیە ، تێکرای تەمەنیان دەگاتە ساڵێک و بە دەگمەن ٧ سال تێپەڕ دەکات.



# باز

باڵندەیەکی دەندووک خواری گۆشتخۆری شاخاوییە، لە بیابانیشدا دەژێت، خۆراکی لەسەر باڵندە و کەرویشک و ماسییە. چاوی جوانە و کونجر کونجرە، بەنێرەکەی دەڵێن جورە و بەمێیەکەشی دەڵێن تەوار، لە ساڵێکدا دوو هێلکە دەکات. کێشی ٢ - ٧ کگم دەبێت. جۆر و ڕەنگی زۆرن. ڕاوچییان لەسەر ڕاو رایدەهێنن و ڕاوی پێ دەکەن. لە وڵاتانی کەنداو زۆر بایەخی پێ دەدەن، هەندێک جار نرخی بازێک لە نرخی چەندین ئۆتۆمبیل سەرووترە.



# تەمەنی گیانلەبەران

لاڤە قارەمان تەمەن اسالُ

جاڵجاڵۆکە ٤ ساڵ دەژێت.
مشک ٨ ساڵ دەژێت.
تووتی ٢٥ ساڵ دەژێت.
قرژاڵ ٣٣ ساڵ دەژێت.
پشیلە ٣٤ ساڵ دەژێت.
ئەسپ ٤٦ ساڵ دەژێت.
وشترمل ٥٠ ساڵ دەژێت.
قەلە ڕەش ٦٩ ساڵ دەژێت.
فیل ٧٠ ساڵ دەژێت.



## درۆکە لە کوێیە؟

شادان شەریف خورماتوو

هەنار و لیمۆ پاش ئەوەی نانیان خوارد، لیمۆ بە هەناری وت: با بچین بۆ ماڵی ترێی ئامۆزام لەوێوە سەرێکی بازاڕیش دەدەین و منیش مۆبایلێک بۆ خۆم دەکڕم. لەم قسانەدا بوون نارنج تەلەفۆنی بۆ کردن و گوتی: ئەگەر بەرنامەی دەرەوەتان نییە لەگەڵ دایکم دێین بۆ ماڵتان. هەنار و لیمۆ ئەم هاتنەیان پێ ناخۆش بوو چونکە نیازی دەرەوەیان هەبوو، بۆیە لیمۆ وەڵامی دایەوە: ببوورە نارنج گیان ئێمە بەرێوەین دەچین بۆ بازاڕ و لە هاتنەوەدا سەرێکی ماڵی ترێی ئامۆزام دەدەین و هەنار مۆبایلەکەی لەوێ بەجێهێشتووە دەیهێنینەوە نارنج گوتی: دەباشە بۆ ڕۆژێکی تر.

## پێبکەنە تا جوانتر بیت

لیزان جەباری-کەرکووک



مامۆستایەکی بیرکاری بە قوتابییەک دەڵێت: چوار کۆی چوار دەکاتە چەند؟
مامۆستاکە دەڵێت: تۆ باوکت ئیشی چییە؟
قوتابییەکە دەڵێت: کەبابخانەی هەیە
مامۆستا دەڵێ باشە ٤ شیش کەباب و چوار شیشی تر دەکاتە چەند؟
قوتابییەکە دەڵێت: ٢ نەفەر

ڕۆژێک کوڕێک بۆ دوکانێک دەچێت تا جگەرە بکڕێت بە کابرای دوکاندار دەڵێت:
– جگەرە بە دانە هەیە
ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ.
کەواتە ٢٠ جگەرەم بەرێ.

کابرایەک یەکەم جارێتی دەچێت بۆ سینەما. کارەبای هۆڵەکە دەکوژێتەوە، کابرا هەڵدەستێت و دەڵێت:
– هەی لەو شانسە، یەکەم جارە بێم کەچی کارەبا دەبڕێت

ئەم ڕستەیە جاران لەسەر یەکتر بڵێرەوە بەبێ وەستان

ژالنا سەباح – کەرکووک

مەری لەڕ لەلاڕێ دەلەوەڕێ



## گوێڕایەڵیی دایک و باوکم دەکەم

دەمانە: نسێ




ناوت: گزنگ تەیوبەکر عەلی یە
تەمەنت چەندە؟: هەشت ساڵ
لە چ پۆلێکی: پۆلی دووەمم و پێشتر لە باخچەی ساوایان بووم
قوتابخانەکەت ناوی چییە ؟ (فێنک)ی سەرەتایی .
حەزدەکەی گەورەبووی ببی بەچی؟ ببم بە پزیشک.
حەزت لە یاریی چییە؟ حەزم لە یاری ماڵەباجێنەیە.
گۆڤاری منداڵان دەخوێنیتەوە؟ بەڵێ زۆر حەزم لە چیرۆکەکانە.

## لە نێزیک پەنجەرەوە دامەنیشە

دڵوار – هەولێر



هەر کاتێک مافی ئەوەت پێ درا کە شوێنی دانیشتنی خۆت لە ماڵەوە یان لە قوتابخانە یان لە هەر شوێنێکی تردا دەستنیشان بکەی، ئەوە بەبێ دوودڵی تا دەکرێ لە پەنجەرە خۆت بەدوور بگرە.
بۆ؟
لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی زانکۆیەکی بەریتانیا، ئەوەی دەرخستووە کە ئەوانەی زۆر لە تەنیشت پەنجەرەدا دادەنیشن زووتر نیشانەکانی پیربوونیان پێوە دیار دەبێ و کە گەورە بوون ١٠ ساڵ لە هاوتەمەنەکانی خۆیان گەورەتر دیار دەبن.
لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە ئەو تیشکە زیانبەخشانەی بەنێو پەنجەرەدا دێنە ژوورەوە پێستی دەموچاو تێک دەدەن و لۆچی دەکەن.
ئەم جۆرە تیشکانە هەمان کاریگەرییان بۆ ئەو کەسانەش هەیە کە زۆر ئۆتۆمۆبیل لێدەخوڕن و بەهۆیانەوە ئەو لایەی دەموچاویان کە لای جامەکەوەیە پیرتر لە لایەکەی تر خۆی پیشان دەدا.



## کۆمپیوتەر

مارڍین - سلێمانی

### تابلێت Tablet

تابلێت ئامرازێکی ترە لە پێداویستییەکانی کۆمپیوتەر ، لە ڕێگای تابلێتەوە دەتوانین سەرجەم فەرمانەکانی ماوس بەکاربهێنین لە ڕێگای پێنوسێکی ئەلیکترۆنی .


ئەم ئامرازە بە شـێوەیەکی تایبەت بۆ بەرنامەکانی وێنەکێشـان و ڕەنگکردن بەکاردێت .



## ئـەو داگیرکارانـەی گـەورەترین ڕووبەریان داگیر کرد لە مێژوودا

ئامادەکردنی: ناز ئەحمەد

(بەشی یەکەم)



یەکـەم: ئەسـکەندەری گـەورە (٣٥٦-٣٢٣)ی پێـش زاییـن: لـە نێوان سـالأنی ٣٣٤ و ٣٢٦ی پێش زایین، ئەسکەندەری گەورە، پادشای مەکدۆنیا توانیی ٣ ملیـۆن و ٥٠٠ هـەزار کیلۆمەتری چوارگۆشـە داگیـر بکات و ئیمپراتۆرییەتێکی فرەوان پێکبێنێ. کە باشـووری بەلکان و ئاسـیای بچووک و میسر و ڕۆژهەلأتی نێزیک و ناوەڕاستی ئاسیای دەگرتەوە، تا دەگاتە ڕووباری هیندۆس.

دووەم: تەیموورلەنگ (١٣٣٦-١٤٠٦)ی زایین: ئەم فەرماندەیە، فەرماندەی جەنگاوەرانی موسـلمانی تورک-مەغـۆل بـووە و لە نێوان سـالأنی ١٣٧٠ و ١٤٠٢دا توانیویەتـی ٣ ملیـۆن و ٥٠٠ هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـە داگیر بـکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. کە بەشـێکی زۆری ئاسیای ناوەڕاسـت و ڕۆژهەلأتـی نێزیـک و ناویـن لە ڕووبـاری هیندۆسـەوە بگرە تـا دەگاتە دەریای سپیی ناوەڕاست و لە ئۆقیانووسی هیندیشەوە تا دەگاتە دەریاچەی ئۆرراڵی دەگرتە خۆی.





## یەکەمین ئافرەتی فڕۆکەوان لە مێژوودا

سه‌ سابیر



ڕیمۆند دۆلارۆشی فەرەنسـایی یەکەمین ئافرەتە لە مێژوودا مۆلەتـی فڕۆکەوانیی پێ بەخشـراوە، لە سالی ١٩٠٠دا فێری لێخوڕینی فڕۆکە بووە و لە ٨ی ئاداری ١٩٠٨دا مۆلەتـی فڕۆکەوانیی وەرگرتووە. ژمارەی مۆلەتەکەشـی ٣٦ بـووە. دوای ئەو، کچە ئەمەریکایی هارییت کویمبی ئەو مۆلەتەی دراوەتێ و ژمارەی مۆلەتەکەی ٣٧ بووە. بەمەش ئافرەتانی فەرەنسا و ئەمەریکا سەلماندوویانە، کە ئافرەتانیش توانای ئەنجامدانی کاری قورسیان هەیە و دەتوانن شانبەشانی پیاوان ببنە فڕۆکەوان.

## بۆچی دەریای ڕەش ئەو ناوەی لێ نرا؟

بێزام نازم

دەریای ڕەش، هەروەکو دەریای سـپی و دەریای سوور، ناوەکەی لە ڕۆژە سـازگارەکاندا شـینێکی ئاسـمانییە و لە ڕۆژانی هەور و باراناویدا، ڕەنگی سەوز ، یان خۆلەمێشییە و ئاوەکەی لە هیچ کاتێکدا ڕەش نەبـووە. بەلأم بەهۆی زۆریی هەلکردنی زریان و باوبۆران و ڕێژەی ڕوودای دەریایی و تییاچوونی ژمارەیەکی زۆری دەریاوان و ئەو هەورە چڕەی بەسـەر ئاسـمانی ناوچەکەوەیە، دەریاکە ناو نراوە دەریای ڕەش.

یۆنانییە کۆنەکانیش بۆ گالتەجاری، بەو دەریایەیان گوتووە: دەریای میواندۆسـت!!

## بازاری ڕەش چییە؟

چیا حەسەن - هەولێر

دەسـتەواژەی بازاڕی ڕەش، ئاماژەیەکە بۆ فرۆشتنی کالا و گۆڕینەوەی دراو و پێشکێش کردنی خزمەتگوزارییەکان بە ڕێگەیەکی نایاسایی.

بـۆ یەکەمین جار ئەم دەسـتەواژەیە لە ئەوروپا، لـە گەرمەی جەنگـی جیهانیی یەکەمدا بەکارهێنراوە.

بۆ ڕێگەگرتن لە تەشـەنەکردنی ئەم دیاردەیە، ولأتانی ئەوروپا پسوولەی تایبەتیان بەسەر هاوولأتییاندا دابەش کرد، تاکو خۆراکی پێویسـتیان بە یەکسانی بەسەردا دابەش بکرێت و جیاوازی لە نێوان هـەژار و دەولەمەندا نەمێنێت.

لەگەل ئەوەشـدا دەولەمەندانی ئەوروپا، بەدوای خۆراک و کالأی نایاب و باشتردا دەگەڕان لەوانەی لە ڕێگەی پسـوولەکانەوە دەسـتیان دەکەوت، خەلکانێکیش هەبوون ئەو خۆراک و کالأیانەیـان بۆ دابین دەکردن، بـەلأم بە نرخێکی گرانتر و دوور لـە چاوی کارمەندانی حکوومەت، بە بازاڕی ئەو کالأیانەش گوترا بازاڕی ڕەش.



# نێزیکترین هەسارە لە خۆر کامیانە؟

ڕۆشنا – کەرکووک

نێزیکترین هەسارە لە خۆر هەسارەی عوتاردە.

لەو بڕوایەدایت بتوانی لەسەر هەسارەی عوتاردا بژێیت؟!

عوتارد لە بچووکیی قەبارەدا لە ڕیزبەندی پێش کۆتایی هەسارەکانەوە دێ.

کەشوهەوای سەر ئەم هەسارەیە ئەوەندە گەرمە، تەنانەت کانزاکانیش تێیدا دەتوێنەوە.


زوهرەش لە ڕووی نزیکییەوە لە خۆر لە پلەی دووەمدا دێ و پلەی گەرمای تێدا زۆر بەرزە!

هەسارەی زوهرە بەهەورێکی ترشەڵۆک و بەرگە گازییەکی زۆر ژەهراوی دەور دراوە و ژیانی تێدا ئەستەمە.

بە تەلیسکۆب دەتوانی وردەکارییەکانی سەر ڕووی هەسارەی زوهرە ببینی.

زوهرە نێزیکترین هەسارەیە لە ئێمەی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی.

ئەگەر لە بەرەبەیاندا بڕوانیتە ئاسمان، دەبینی زوهرە پێش هەڵاتنی خۆر، هەڵدێ.



کام لە هەسارەکان لەبارترین شوێنە بۆ ژیان؟

أ– مەریخ

ب– زەوی

ج– موشتەری







بەهرە جەبار – سلێمانی

# سپایدەرمان



( پیتەر پارکەر ) کەسێکی هێمن و بەشخوراوە و ڕۆژێکیان لە گەشتێکی زانستیی قوتابخانەکەیان بۆ نمایشگەیەکی زانستی، لە ڕێگەی گازێکی جاڵجاڵۆکەیەکی ئالودە بە تشکێکی کیمیایی، سەرتاپای ژیانی ( پیتەر ) دەگۆڕێت ودەبێتە خاوەن هێزێکی تایبەت کە زۆر لە تواناکانی جاڵجاڵۆکە دەچێت.

( پیتەر ) ئەو هێزەی بە کار دەهێنێت بۆ لە ناو بردنی پیاوە خراپ و نەگریسەکان.

ئەم فیلمە سێ بەشی لە خۆگرتووە و پێشبینی بەشی چوارەمیش دەکرێت.



**بەرهەمی** : ٢٠٠٢.

**دەرهێنانی** : سام رایمی.

**نووسینی** : ستان لی.

**نواندنی** : تۆبی ماگوێر، کریستین دەنتس، ویلیام دافۆی.

**داهات** : ٤٠٣ ملیۆن دۆلار





## وشترمل

پەری محەمەد – کەرکووک

لە مێژەوە بیستوومانە کە وشترمل کاتێ سەری دەکاتە ژێر خاکەوە لە ترسی گیانێتی، تا وای لێهاتووە چووەتە ناو پەندی پێشینانی میللەتان، بیستوومانە لەناو خەڵکدا دەڵێن: (ئەو برادەرە لە وشترمل دەچێ، سەری خستووەتە کۆشی و وا دەزانێ کەس ئاگای لێ نییە). بەڵام ئەم قسانە هیچی ڕاست نین، بەڵکو وشترمل کاتێک سەری دەخاتە ژێر لم ، لە ڕۆژانی هاویندا بۆ ئەوەیە هەست بە فێنکی بکات. چونکە چینی ژێرەوەی زەوی فێنکترە لە چینەکانی سەرەوە. بەو شێوەیە هەست بە پشوو دەکات، چونکە ئەو فێنکییە لە سەرییەوە دەچێتە پێست و لەشییەوە. هەروەها کاتێ سەری دەخاتە ژێر خاکەوە دەتوانێ گوێی لە گیانداری ترسناک بێ پێش ئەوەی بگاتە لای. دەتوانێ بزانێ ئەو گیاندارە بچووکە یاخود گەورەیە، بۆ ئەوەی ئامادەیی خۆی وەرگرێ پێش ئەوەی بگاتە لای. پێویستیشە ئەوە بزانین کاتێ وشترمل هەست بە ترس دەکات، سەری ناشارێتەوە، بەڵکو هێلکەکانی دەخاتە ژێر زەوی و ڕادەکات.



## بەتریق (پەنگوین)

سازان نووری–کۆیە

ئازیزانی حاجیلە: هەمووتان ئاژەڵی بەتریقتان هەر هیچ نەبێ لە فیلمەکاندا دیتووە. ئەم ئاژەڵە لە پەروەردەکردنی بێچووەکانیدا زۆر ماندوو دەبێت، چونکە بێچووی بەتریق زوو زوو برسی دەبێت. بۆیە دایکەکە لە ڕۆژێکدا چەند جارێک دەچێتە نێو ئاو بۆ پەیدا کردنی ماسی بۆ بێچووەکانی. جار هەیە لە ڕۆژێکدا نزیکەی کیلۆیەک ماسی دەخۆن.





## ڕێواس

ئا: نورفە مەهدی–هەولێر

ڕێواس گیایەکی خۆڕسکی بەهارییە، پەلکی کەسک و پانە، نێرک دەکات، نێرکەکەی نێزیکەی ٣٠ – ٤٠ سم لە زەوی بەرز دەبێتەوە، لە زۆزان و چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا شین دەبێت، سوودەکانی ڕێواس ئارەزووی خواردن دەکاتەوە. ، بۆ داوودەرمان بەکاردێت، بەتایبەتی بۆ شەکرە،پووکی ددان توند و بەهێز دەکات، لە ڕووی ئابووریشەوە دەرامەتێکی باشی هەیە بۆ ئەو کەسانەی دەیڕنن و دەیهێننە شارەکان و دەیفرۆشن.



## چەڵتووک

جیهان – سوید

چەڵتووک ڕووەکێکی گیاییە و پێش حەوت هەزار ساڵ لە هیند چێنراوە و پاشانیش لە ئەفریقیا و باشوور و ناوەڕاستی ئەمریکا چێنراوە. چەڵتووک لە ناوچە گەرم و ئاودارەکاندا دەچێنرێت. لە کاتی وەشاندنی تووەکەیەوە تا دروێنەکردنی سێ تا نۆ مانگی دەوێت، لەو شوێنانەی کە گەرمن و زەوییەکەیان بەپیتە جوتیار لە ساڵێکدا فریا دەکەوێت سێ تا چوار جار بیچێنێت.

چەڵتووک دوو جۆری هەیە، جۆرێک لە خاکێکی وشکدا دەچێنرێت و ئاودانێکی زۆری دەوێت. جۆرەکەی دیکەش لە دەشتاییدا دەچێنرێت و دەبێت بەناو دابپۆشرێت، بەرزایی ئاوەکەش دەبێ لە پێنج تا دە سانتیمەتر بێت، کە کاتی دروێنەی دێت ئەوجا ئاوی لێ دەبڕن و زەوییەکەی وشک دەبێت .

چەڵتووک کە پێدەگات دەبرێت بۆ ئاش تا توێکڵە زەردەکەی لێبکەنەوە، ئەوجا ئەو برنجە دەردەکەوێت کە زۆربەمان دەیخۆین. برنج جۆرێکی گرنگی خواردنە، بەتایبەتی لەناوچەی ئاسیادا، لە وڵاتی چین برنج زۆر پیرۆزە و نیشانەی بەپیزی و خێر و بەرەکەتە. هەر بۆیە لە کاتی شاییدا برنج بەسەر بووک و زاوادا هەڵدەدەن بۆ ئەوەی ژیانی داهاتوویان پڕ بەرهەم بێت و ببنە خاوەنی کۆمەڵێ منداڵ.

# مندالانی کەرکووک بۆ کۆواری حاجیلە دەپەیڤن؟

ڕیپۆرتاژ: شەپۆل



(ژووان حســین)ئەو منداڵەی کە دەخوێنێ و یارمەتی دایکیشی دەدات لە کاری ناوماڵ، تەمەنی ١٠ ساڵەو پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە،
ژووان گوتی: لەبەر ئەوەی خوشکی دیکەم نییە لە ماڵەوە من کە لە قوتابخانە گەرامــەوە خۆم دەگۆرم و یارمەتی دایکم دەدەم لە کاروباری ماڵەوە چونکە ئەو بە تەنها ماندوو دەبێ ئەگەر دایک و باوکیشــم نەبێ من ناتوانم بخوێنم چونکە ئەوان زۆر گرنگیم پێ دەدەن تا بخوێنم، بۆیە پێویســتە منیش هاوکارییان بکەم، ئینجا لەدوای ئەوەی یارمەتیی دایکم دا دەچمە ژوورەکەی خۆم و دەســت دەکەم بە خوێندن و نووسینەکانم.



(ســەروەت ئیدریس) ١٢ ســاڵە و لە قوتابخانەی (ســوکەینە)ی تیکەلاوە، ئەو گوتی قوتابخانـــەم زۆر لەلا خۆشــە و زۆر بەســوودە حەز دەکەم ئــەوەی لە قوتابخانە دەرچووە بگەرێتەوە و بخوێنێ چونکە لە قوتابخانە مامۆســتاکانمان فێری زانست و زانیاریمان دەکەن، حەز دەکەم لە دوارۆژدا ببم بە مامۆســتای بیرکاری چونکە ئەم وانەیەم زۆر لەلا خۆشە.
هەروەها گوتی سوپاسی پوورم دەکەم کە بەردەوام لە ماڵەوە وانەکانم فێر دەکات.



(هاوسەر مستەفا) تەمەن ١٠ ساڵە و پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە.
هاوسەر بە خوێنەرانی حاجیلەی گوت: لە قوتابخانەکەی ئێمە کچان و کوران پێکەوە دەخوێنین، هەموو کچەکان وەکو خوشکی خۆم تەماشا دەکەم، چونکە من لە ماڵەوە خوشــکم نییە، هاورێی کچم هەیە زۆر باش و زیرەکن و زۆر ڕێزیان لێ دەگرم و پێکەوە لە قوتابخانە دەخوێنین و یاریش دەکەین.



(فاتیمــە ئەبوبەکر) لە پۆلی چوارەمی ســەرەتاییم، دوو خوشــکم لــە ماڵەوە هەیە و هەردووکیانم زۆر خۆشدەوێن و پێکەوە وانەکانمان دەخوێنین و خوشکە گەورەکەشم یارمەتیمــان دەدات، باوکم فێری خوێندنــم دەکات لە ماڵەوە و وانەکانم بەجوانی فێر دەکات و ئامادەم دەکات بۆ ناو پۆل، منیش گوێڕایەڵیی دایک و باوکم دەکەم.







## پێست

دایکی ئانی ـ سلێمانی

ئەو دەرە پۆشــەیە، کە لەشــی مرۆڤ دادەپۆشــێت، ئەســتووریی پێست لە هەموو بەشەکانی لەش وەک یەک نییــە، لەناو لەپ و ژێر پێدا ئەســتوورە لە پێڵووەکانی چاودا تەنکە، پێســت لە چینی دەرەوە پێی دەڵێن: تویژ کــە بەشــی نازیندووی پێســتە، چینی نــاوەوەی پێی دەڵێن: بنتوێژ کە بەشە زیندووەکانن. لە بنتوێژدا ڕەگە مووەکان هــەن، لە بنکەی هەر موویەکدا چەند ڕژێنێک هەیە، کە مادەیەکی چەور دەرژێنێ، ئەو مادە چەورییە پێســت تەر دەکات و لە قڵیشان دەیان پارێزێت، پێست پارێزگاریــی پلــەی گەرمیی لــەش دەکات و بە هۆی پێســتەوە میکرۆب ناتوانێت بچێتە لەشەوە، چونکە بە پێست دەوترێت هێڵی بەرگریی یەکەم.



## خوێن لە جەستەماندا

وەرگێڕانی: زانا سەباح

خوێن، خواردن و ئۆکسجین بۆ ماسوولکەکان دەگوێزێتەوە و پاشەڕۆش لە ماسوولکەکان دوور دەخاتــەوە. دڵیــش پــاڵ بەخوێنــەوە دەنێــت و دەیگەیەنێتــە هەمــوو شــوێنێکی جەستە. دڵ ماسوولکەیەکی گەورە و بەتینە. پــاڵ بەخوێنەوە دەنێت بۆ ســییەکان. لەوێ بەشــی خۆی لە ئۆکســجین وەردەگرێت. لە سییەکاندا خوێن لەو پاشەڕۆیانەی لە جەستە کۆی کردبوونەوە ڕزگار دەبێت لە شــێوەی گاز کە پێــی دەگوترێت: دووانە ئۆکســیدی کاربــۆن. هەروەها دڵ پاڵ بەخوێنەوە دەنێت بۆ گورچیلــەکان. دڵ بەدرێژاییــی ژیانت لە کاردا دەبێــت و هەر لەپێنــاوی ژیانی تۆدایە بەردەوام لێدەدات.



## ئێسک

و: مژدە مۆفەق

ئێسک شــێوەی جەستە دیار دەکات، پەیکەری ســەرەکیی بینای جەستەیە. ئێسک تا بڵێی ڕەقە، هەندێکیان شوێنی گرینگی جەستە دەپارێزن، بۆ نموونە: کەللەســەر مێشک دەپارێزێت، پەراســووەکان دڵ و سییەکان دەپارێزن، تۆ دەتوانیت لاقەکانت بجووڵێنیتەوە، یاخۆ دەستەکانت بنووشتێنیتەوە، هەروەها دەتوانیت ســەرت بەملا و بەولادا بســووڕێنیتەوە، چونکە ئێسکەکان لەگەڵ یەکدا وێک دێنەوە و دەتوانیت جووڵە بکەیت، ئەو شــوێنانەی ئێســکیان لێ وێک دێنــەوە و دەتوانی جووڵەیان پێ بکەیت، پێیــان دەوترێت جومگە. بۆ نموونە: جومگەی ئەژنۆ، ئانیشک، سمت و بڕبڕەی پشت، هەروەها جومگەی پەنجەکان. بێگومان ئێسکیش ماسوولکە دەیانجووڵێنێت.
سەرچاوە: جسمک هذا الکائن العجیب. روبرت فولیت١٩٦٢

# جوگرافیای وڵاتان

٦

ڕۆشنا کەرکووکی

## ئەریتیریا






ناوی وڵات: ئەریتیریا

پێگەی جوگرافیایی: ئەریتیریا دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەفەریقاوە. سوودان سنووری ڕۆژئاوایەتی، لە باشووریش ئەسیوپیا و جیبۆتییە. دەریای سووریش دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتییەوە.

ڕووبەر: ١٢١ هەزار و ١٤٤ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

ژمارەی دانیشتووان: ٣ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس.

چڕیی دانیشتوان: ٣٠,١ کەس لە کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا.

پێکهاتەی ئایینی: ٨٠٪ موسڵمان، ٢٠٪یش کریستیان و ئایینی تر.

پایتەخت: ئەسمەرە: کە ٣٦٠ هەزار کەسی تێدا دەژی.

گرینگترین شارەکانی: مەسساوە، ئاسب.

جۆری فەرمانڕەوایی: کۆماری دیموکراتیی فرە حزبی.

دراو: بیر.

زمان: تیجرینا و عەرەبی.


گرینگترین هەناردەکانی: کەرەستەی خاو، کەرەستەی پیشەسازی.

گرینگترین هەوردەکانی: بەرووبوومی پیشەسازی و خۆراک.

کات: گرینیچ ٢١

مێژووی بە ئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان: ١٩٩٣











# تایکواندۆ

سەردار عەلی – سلێمانی



تایکواندۆ واتە لێدانی هونەری بەدەست و پێ. یارییەکی ناسراوە و جێی خۆی لەنێو یارییە جیهانییەکاندا کردووەتەوە. لە سێ گێم پێک دێ، ماوەی پشووی نێوانیان یەک خولەکە. یارییەکە هێرش بردن و بەرگری لەخۆ کردنە، ٧٠٪ پێ و لە ٣٠٪ دەست بەکار دەهێنرێت. لەش سووکی و زیرەکی و تەکنیکی بەکارهێنان بۆ یاریزان پێویستە و دەبێ هیچ نەخۆشییەکی نەبێ و پێڕەوی هەموو یاساکان بکات.

# فۆرلان خەڵاتی باشترین وەرزشوانی جیهان وەردەگرێ

ئاشتی عەبدوڵڵا – پردێ



(دییگۆ فۆرلان) گۆڵکەری هەڵبژاردەی ئۆرگوای و تیپی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانیا، خەڵاتی باشترین وەرزشوانی دنیای ساڵی ٢٠١٠ی لە گۆواری (جی کیو)ی ئیتالی وەرگرت.
ناوی تەواوی (دییگۆ فۆرلان کوراسۆ)یە و لە ١٩ی ئایاری ١٩٧٩ لەدایک بووە. تا ئێستا لە ٦٩ یاریی نێودەوڵەتیدا یاریی کردووە و ٢٩ گۆڵی نێودەوڵەتیی تۆمار کردووە.
فۆرلان کە تەمەنی ٣١ ساڵە خەڵاتەکەی لە ئاهەنگێکی تایبەت لە مەدریدی پایەتەختی ئیسپانیا وەرگرت.
فۆرلان لە ساڵی ٢٠١٠دا چەندین پێشکەوتنی تۆمار کرد، لەوانە:

– لە جامی جیهانیی باشووری ئەفریقیا ٥ گۆڵی تۆمار کرد.
– وەک باشترین یاریزانی مۆندیالەکەی ئەفریقیا هەڵبژێردرا.
– پێشڕەوی تیپەکەی (ئەتلەتیکۆ مەدرید) بوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوی یانەکانی ئەوروپا و لە دوا یاریدا بەرانبەر (فولهام)ی ئینگلیز ٢ گۆڵی تۆمار کرد.
– لە مۆندیالی ٢٠١٠دا توانیی هەڵبژاردەی ئۆرگوای بگەیەنێتە پلەی چوارەم.



# مهاباد

هێرۆ کەمال – بلەسلاوە

مهاباد یاخۆ سابلاغ، لە شوێنێکی کوێستانی هەڵکەوتووە و زستانی سارد و هاوینی فێنکە. ڕووبەری شاری مهاباد ٢٥٩٢ کیلۆمەتری دووجایە. بەپێی لێکۆڵینەوەی ئاسەوارناسان کۆنیی مهاباد بۆ هەزار ساڵ بەر لە زاین دەگەڕێتەوە. خەڵکەکەی بەزاراوەی موکری دەدوێن، ئەم شارە بەدەیان نووسەر و هونەرمەندی گەورەی وەک: محەمەدی قازیی وەرگێڕ و هێمن و هەژاری شاعیر و محەمەدی ماملێ و عەزیزی شاڕوخ و میکایلی گۆرانیبێژی تێدا پەروەردە بوون.

ئەم شارە چەندان شوێنی گەشتوگوزاری تێدان وەک: بەنداوی مهاباد، مزگەوتی سوور، گۆڕی بوداق سوڵتان، ئەشکەوتی سەهۆڵان، حەمامی میرزا ڕەسووڵ (مۆزەخانەی مرۆڤناسی).

## نیشانەی ڕاست ( ✓ ) یان هەڵە ( X ) لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

میران جەمال – بازیان

تۆری جاڵجاڵۆکە لە ئاوریشم پێکهاتووە.

هەڵۆ سەد ساڵ دەژێت.

پەپوولە چوار باڵی هەیە.

دڵی مەڕ لە خولەکێکدا ١٠٠ جار لێدەدات.

بۆق ملی نییە

ئەسپ ئەگەر زۆر ماندوو بوو خۆی دەکوژێت

کەروێشک ٢٨ دانی هەیە

فیل لە شەودا هێزی بینینی لاوازە

وشترمل گەورەترین هێلکە دەکات

شێر لە ڕۆژێکدا ٢ کاژێر دەنوێ

## ئەم دەنگانە بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان

نەدین نووری – کۆی

| | |
|---|---|
| (فیشە)ی | گورگ |
| (پرخە)ی | کەروێشک |
| (گارە)ی | مشک |
| (زیکە)ی | هێستر |
| (لوورە)ی | ڕێوی |
| (واقە)ی | مریشک |
| (لووشکە)ی | کەڵەشێر |
| (قووقە)ی | مار |





## هەڵبێنە

– تا تۆ نەڕۆیت ئەو ناڕوات.

– تا بیبەخشیت زیاد دەکات.

– تا درێژ بێت کورت دەبێتەوە.

– تا سەری نەبڕیت قسە ناکات.

– ئاقیکە سێ و دوو بەردی تێدایە.



# بۆزاخاوی مێشک

کوردستان محەمەد – کەرکووک

## ئایا دەزانی؟

– فیل لە شەو و ڕۆژێکدا دوو کاتژمێر دەنوێت.

– داڵ دەکارێت ٤ کم بەرز بێتەوە.

– مانگانە قژی سەر یەک سانتیمەتر درێژ دەبێت.

– ملی حوشتر و ملی مشک حەوت بڕگەن.

– مانگا ٤ گەدەی هەیە.



## بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

سەر، شاری، دوو، بەرە، ڕەحەتی

– بانێکە و........ هەوا

– قسە کەوتە زاری دەکەوێتە........

– ........لای تەنکییەوە دەدڕێ

– ئەگەر زمان بیهێڵێت...... ڕەحەتە

– نازانم........گیانم

## نووسەرە بچکۆلەکانی کۆواری حاجیلە



## خۆ ئامادەکردن بۆ پشووی نیوەی سالٌ

محەمەد ئاوات
سێیەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی تابان

منداڵانی خۆشەویست.
پێویستە لەدوای تاقیکردنەوەکانی
نیوەی ساڵدا و لەدوای ئەوەی قوتابی بە
تاقیکردنەوە و خوێندنی وانەکانەوە، ماندووبوو،
زۆر پێویستە قوتابی پشوو بدات و کاتی خۆی لەو
پانزە ڕۆژەدا دابەش بکات و بە شتی باش بەسەریان
ببات. خوێندنەوەی کتێبێکی دەرەکی خۆی خەریک بکات.
کتێبێکی زانیاریی گشتی یاخود چیرۆک بۆ منداڵان پەیدا
بکات و بیخوێنێتەوە، هەروەها یارمەتی دانی دایک و
باوک پێویستە، هەموو مرۆڤێک بەرنامەیەک بۆ ژیانی
ڕۆژانەی خۆی دابنێ و چونکە زۆرباشە کاتێکی
زۆر بۆ خوێندنەوە تەرخان بکات، کاتەکانی
تریشی بۆ سەیرکردنی بەرنامەی
بەپێز تەرخان بکات.



## سێ مشک

دارا عەوف – کەرکووک

جوتیارێک بەرەوپیری دەرۆیشت دوو کەری کری لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بڕوات ئاو بێنێ، هەر ئەو ڕۆژەی دوو کەرەکەی کری وازی لە سەگەکەی هێنا و دەریکرد ئیتر سەگەکە سەری هەلٌگرت و ڕۆیشت بۆ شوێنێکی تر. ناچار بوو چونکە جوتیارەکە دەریکردبوو، بۆ ڕۆژی دواتر سەیری کرد مریشکەکانی خوراون تەنها مریشکێک و کەلەشێرێچکی نەبێت. ویستی بانگی سەگەکەی بکات کەچی بیری هاتەوە سەگەکەی دەرکردووە ناچار ڕۆیشت بەدوایدا بگەڕێ، چەند ڕۆژێکی پێچوو گەڕا هەر نەیدۆزییەوە دیسان شەوهات خەوتنەوەو بەیانی هەستان سەیری کرد مریشک و کەلەشێرەکەی هەر ماوە کە جوان سەرنجی دا بینی سەگەکەی هاتووەتەوەو نەیهێشتووە مریشک و کەلەشێرەکەی بخورێن ئیتر بانگی سەگەکەی کرد و دەستی بەسەریدا هێنا و تێر لە ئامێزی گرت و خواردنی بۆ هێنا.

## خوێندەواری



ڕەنج ئاوات
پێنجەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی تابان

ئێمە کە پۆلێ منداڵ و لاوین
لە نەخوێندەواری زۆر بەجێ ماوین
خوێندن موڵکێکە بێ قەید و تاپۆ
لە هەر لایەک بێت حازرە بۆتۆ





## سەگێکی بەوەفا

هیوا عوف – کەرکووک

جوتیارێک بەرەو پیری دەرۆیشت دوو کەری کری لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بڕوات ئاو بێنێ، هەر ئەو ڕۆژەی دوو کەرەکەی کری وازی لە سەگەکەی هێنا و دەریکرد ئیتر سەگەکە سەری هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ شوێنێکی تر. ناچار بوو چونکە جوتیارەکە دەریکردبوو، بۆ ڕۆژی دواتر سەیری کرد مریشکەکانی خوراون تەنها مریشکێک و کەڵەشێریچکی نەبێت. ویستی بانگی سەگەکەی بکات کەچی بیری هاتەوە سەگەکەی دەرکردووە ناچار ڕۆیشت بەدوایدا بگەڕێ، چەند ڕۆژێکی پێچوو گەڕا هەر نەیدۆزییەوە دیسان شەوهات خەوتنەوەو بەیانی هەستان سەیری کرد مریشک و کەڵەشێرەکەی هەر ماوە کە جوان سەرنجی دا بینی سەگەکەی هاتووەتەوەو نەیهێشتووە مریشک و کەڵەشێرەکەی بخورێن ئیتر بانگی سەگەکەی کرد و دەستی بەسەریدا هێنا و تێر لە ئامێزی گرت و خواردنی بۆ هێنا.



## خۆشەویستیی دایک و باوک

داڕەوان رزگار

خۆشەویستی دایک
و باوک خۆشەویستییەکی زۆر
گەورەیە، ئەگەر ئێمەی منداڵان نەخۆش
بکەوین دایکمان پەرۆش دەبێت و یارمەتیمان
دەدات بۆ ئەوەی بمانپارێزێ لەو نەخۆشییانە.
باوکمان گوێ نادات بە گەرما و سەرما هەوڵ دەدات
بۆ ئەوەی ئێمەی ڕۆڵەی خۆی بەو کارەی کردوویەتی
بەخێومان بکات وەکو ئەم دێرە شیعرە دەڵێ:
دایەی شیرینم چەند خۆشەویستی
بۆ ژیانی من چەندە پێویستی



## دانا و دوو سەگە ئازاکەی

دانا قادر کریم

ڕۆژێ لە ڕۆژان
سەگێکی هەژار هەبوو ناوی
غەدە بوو، زۆر حەزی لە گۆشت
بوو. منیش بەشیم دا، ئیتر سەگەکە بوو بە
هاوڕێم. ڕاوڕاوکێی لەگەڵدا دەکردم. ڕۆژێک
بۆ شوێنێ بردم ڕاوی یەکێکی نا بۆم ئیتر
هاتەوە بۆلام. ئینجا سەگێکی گەڕ هات ڕاوم بنێ،
غەدە لە سەرمی کردەوە و ڕاوی سەگەکەی نا.
جارێکیشیان سەگێکی تر هات مریشکەکانم بخوا،
غەدە نەیهێشت و ڕاوی نا و چیتر نەهاتەوە
ئەو ناوە. سەگێکی تریش هەیە هاوڕێمە
ناوی جاکییە، بە شەوان لەگەڵ
غەدەدا پاسەوانیمان دەکەن.

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

ژوان محەمەد – ئەڵڵایی

١– هونەرمەند شەماڵ سایب کەی کۆچی دوایی کرد؟

– ١٩٧٦
– ١٩٨٦
– ١٩٩٦

٢– کۆماری هندستان کەی دامەزرا؟

– ١٩٣٨
– ١٩٤٨
– ١٩٥٨

٣– کەی شاری دهۆک بوو بە پارێزگا؟

– ١٩٥٩
– ١٩٦٩
– ١٩٧٩

٤– لە چ ساڵێکدا ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دەرچوو؟

– ١٧٩٨
– ١٨٩٨
– ١٩٩٨

٥– لە چ ساڵێکدا مۆسۆلینی هەڵواسرا؟

– ١٩٤١
– ١٩٤٢
– ١٩٤٣

## بمرەنگێنە


لەرین – سلێمانی





## بمگەیەنە


سایب شێروان – سلێمانی






## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە

ئەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک




## چاوتیژی

شیلان بەکر – کەرکووک




ئەم تیراسایانە ڕوو لە کوێ دەکەن؟ چۆن دەیانبینی؟ ژمارەیەک تیراسای سپی بەرەولای چەپ یان تیراسای ڕەش بەرەو لای ڕاست.

حەنان ڕەووف – کەرکووک

ناوی ئەم گیاندارانە لە شوێنی خۆی دابنێ:

Butterfly - Bee - Spider - Ant



## گوتەی میللەتان

خاوەر خەبات – خەبات

- ئەو شتەی کە پێویستە لێی بترسی: ترسە – ئەمەریکی
- بە قسەی خۆش دەرگای ئاسن دەکەیتەوە – تورک
- تۆ چۆنی بۆ من، منیش وام بۆ تۆ – ئینگلیز
- تف مەکەرە بیرەوە چونکە ڕۆژێک دێت ئاوی لێ بخۆیتەوە – ڕووسی
- توورەیی ئەو ڕەشەبایەیە چرای بیر کردنەوە دەکوژێنێتەوە – یۆنانی
- هەندێک وشە لە تیغ زیاتر دەتبڕێ – عەرەبی
- هەموو کەسێک ڕاستی هەیە – ئیتالی
- هەموو قوتابخانەکانی جیهان دڵسۆزیی دایکت نادەنێ – بولگاری
- کیسەی بەتاڵ ڕاست ناوەستێ – ئەڵمانی
- بەهێزترین (با) بای ڕقە – چین

## من چیم؟

فەرهاد عومەر – داقووق

زۆربەمان نیشتەجێی نێوچە ئیستوائییەکانین و بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین. زۆر ڕەنگمان هەیە بەڵام بەزۆری ڕەنگمان سەوز و دەنووکمان چەوتە و درێژیمان لە نێوان ١٥ بۆ ٩٠ سەنتیمەترە و خواردنمان زیاتر سەوزە و میوەیە و مێیەکانمان تەنیا یەک هێلکە دەکەن ئەگەر خزمەتمان باش بێت پەنجا ساڵ دەژێین.

ئێستا دەزانیت من چیم؟




## کێشی هەوا چەندە؟

ئامادەکردنی: بەناز سەلیم

هەوا کە توخمێکی پێویستە بۆ بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤ و رووەک و ئاژەڵان، لە تێکەڵێکی ئۆکسجین و نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو و چەند گازێکی دەگمەن پێکهاتووە. کاتێکیش هەست بە کێشی هەوا دەکەین، ئەگەر باڵۆنێکی بەتاڵ بە ئەرازوویەکی هەستیار بپێوانە بکەین و پاشان پڕی بکەین لە هەوا، دەبینین باڵۆنەکە لە باری دووەمدا قورسترە، بە هەمان شێوە ئەو هەوایەی دەکرێتە تایەکانی ئۆتۆمبێلەوە، قورستر دەبن وەک لەوەی بەتاڵ بن.

ئەگەریش بمانەوێ باڵۆنێک بەرەو سەرەوە هەڵبفڕێنین، دەبێ باڵۆنەکە پڕ بکرێ لە گازێکی سووکتر لە هەوا، کە زۆر جاران گازی هیلیۆم یان هایدرۆجین بەکاردەهێنرێن، چونکە لە هەوا سووکترن.

زانایان توانیویانە کێشی هەوای دەوری زەوی دیاری بکەن، کە نزیکەی ٥×١٠ ١٥ تۆنە



ئەو فەیلەسووفانەی بە ڕەبەنی سەریان نایەوە

شتە بایز

١- ئەفلاتوونی یۆنانی (٤٢٧-٣٤٧)ی پێش زایین.

٢- رێنیە دیکارتی فەرەنسایی (١٥٩٦-١٦٥٠)ی زایین.

٣- پلێز باسکالی فەرەنسایی (١٦٢٣-١٦٦٣)ی زایین.

٤- ڤۆلتێری فەرەنسایی (١٦٩٤-١٧٧٨)ی زایین.

٥- شۆپنهاوەری ئەڵمانی (١٧٨٨-١٨٦٠)ی زایین.

٦- سورێن کیرکگاردی دانیمارکی (١٨١٣-١٨٥٥)ی زایین.

٧- فریدریک نیتشەی ئەڵمانی (١٨٤٤-١٩٠٠)ی زایین.

٨- جۆرج سانتایانای ئەمەریکایی (١٨٦٣-١٩٥٢)ی زایین.

٩- جان پۆڵ سارتەری فەرەنسایی (١٩٠٥-١٩٨٠)ی زایین.

١٠- میشێل فۆکۆی فەرەنسایی (١٩٢٦-١٩٨٤)ی زایین .

## وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل١١

خەوت: لەبەر گەرما

مەتەڵ: شمشاڵ

ل٣٤

گەیاندن

١٩٠٣/٣/١٤ هاتلە دونیای بارزانی

شقارتە، تەڵێک لە نیشانەی کۆیەکە هەڵدەگری و لەسەر ئۆیەکەی دادەنێی دەبێت بە ١٨

ل٣٥

جێگۆڕکێی ستوونی دووەم. سێ و دوو ئاڵوگۆڕی پێ بکە.

ل٣٦

وشەی بزر: هلدرێن


خاوەنی ئیمتیاز

پەدران ئەحمەد حەبیب

سەرپەرشتیار

عوف عبدالرحمن

سەرنووسەر

حەمە سەعید زەنگنە

٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢

hamatal_z@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر

ئەبەز ڕۆستەم

ڕاوێژکار

ڕێواس ئەحمەد

بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی

پەروەر

تایپ

دلێر ڕەفیق

ناونیشان


کەرکوک – شەقامی کۆماری

تەلاری صیدلی فخری

## گەیاندن

ڕەحمان ڕەحیم - چەمچەماڵ

ئەم هێڵانە بگەیەنە دەزانی چ زانایەک هەسارەی موشتەریی دۆزیوەتەوە.





## ئەمانە بزانە

کوێستان قادر
دەربەندیخان

حکوومەتی عێراق ساڵی ١٩٢٠ چێ بوو.
ساڵی ١٩٦١ یەکەمین مرۆڤ نێردرا بۆ ئاسمان.
ساڵی ١٨٣٠ فەرەنسا جەزایری داگیر کرد.
ساڵی ١٩٣٦ ڕادیۆی بەغدا دامەزرا.
جەنگی یەکەمی جیهان ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرسا و لە ساڵی ١٩١٨ کۆتایی هات.
ساڵی ١٨٨٧ بورجی ئیڤڵ دروستکرا.
جەنگی دووەمی جیهان ساڵی ١٩٣٩ هەڵگیرسا و ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی هات.
ساڵی ١٩٢٩ گڵۆپی کارەبا شەقامەکانی سلێمانی ڕووناک کردەوە.
ساڵی ١٥٢١ فلیپین لەلایەن ماجەلانەوە دۆزرایەوە.

## یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر - کەرکووک




جێگۆڕکێ بە یەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە بیست و سێ .



## جێگۆڕکێ

جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە ستوونی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکەنە ٢١

تاڤان جەمال - بازیان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 6 | 1 | 2 | 2 | 4 |
| 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 1 |
| 1 | 2 | 6 | 3 | 4 | 5 |
| 3 | 4 | 5 | 6 | 1 | 2 |
| 6 | 1 | 2 | 4 | 5 | 3 |
| 4 | 5 | 3 | 1 | 3 | 6 |

## هاوبەشی

دلێر - چەمچەماڵ

لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە.





## ڕێگەچارە!

شۆخان عەلی - سۆران

پیاوێک گورگێک و بەرخێک و دەستەگیایەکی پێیە و دەیەوێ لە ڕووبارێک بپەڕێتەوە و بەلەمەکە جگە لە پیاوەکە یەک شت لەوانە دەگرێ، داماوە! گورگەکە دەبات بەرخەکە گیایەکە دەخوات، گیایەکە دەبا گورگەکە بەرخەکە دەخوا. دواتر ڕێگەیەکی تر دەدۆزێتەوە.
هەرسێکیان هەر جارە و بە بەلەمەکە دەپەڕێنێتەوە بێ ئەوەی زیانی پێ بکەوێ و چۆن؟

# وشەی بزر

داستان محەمەد -کەرکووک

دوای ئەوەی بە هێڵێکی دروست ئەو نێوانەی لای خوارەوە کوێر دەکەیتەوە، ناوێکت بۆ دەمێنێتەوە لە حەوت پیتان پێک هاتووە، شارێکی کوردستانی ئێرانە.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ك | ه | و | س | ه | ر | ك | | ك |
| ك | ا | ن | ی | ا | ن | ه | ن | و |
| ك | ك | ا | ر | ی | ا | ژ | ا | ر |
| ه | ك | ك | ك | ك | ك | ا | ت | د |
| ش | ه | ه | ی | ه | ی | ر | س | ۆ |
| ا | ژ | ژ | ژ | ت | ژ | ا | ه | ن |
| ن | ا | ی | ۆ | ا | ا | ك | ر | ی |
| ن | ن | ن | ه | ن | ن | ۆ | و | ا |
| ك | ی | ش | و | ه | د | س | ك | ب |

کیشوەر، کوردۆنیا، کوردستان، کەشان، کەژان، کەزیـن، کیـژۆ، کەتـان، کیژان، سۆکار، کەژ، کاریا، کانیان، کەوسەر.

# کوێرکردنەوە

محەمەد زرار - پردێ

پاش کوێرکردنەوەی نێوی ئەو ئەدیبانەی لای خوارەوە ناوی شاعیرێکت بۆ دەمێنێتەوە لە ٧ پیتان پێکهاتووە شاعیرێکی ئێبوداری کوردە:

تۆلستۆی، شکسپیر، بلزاک، کۆرکی، ڤۆلتێر

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م | ی | یّ | ا | ك | گ | س | پ | ب | ۆ | ر | ی |
| ه | ت | ۆ | ت | ۆ | ش | ك | ت | ل | گ | و | ی |
| و | ر | ڤ | ز | ر | ڵ | س | ۆ | ڵ | ه | ل | ی |

# شیکاری

تانیاوەلی -چەمچەماڵ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | + | 1 | = | |
| 10 | - | 5 | = | |
| 3 | + | 6 | = | |
| 11 | + | 7 | = | |
| 7 | + | 8 | = | |
| 12 | - | 7 | = | |

ناوی یەکێک لە هاوینە هەوارە خۆشەکانی کوردستانە تۆش ژیر و وریابە بزانە کامەیە لە پاش شیکارکردنی ئەم پرسیارە

| | | |
|---|---|---|
| ن | = | 9 |
| ا | = | 4 |
| ر | = | 15 |
| ه | = | 5 |



# سۆدۆکۆ

نەوزاد مەجید - چەمچەماڵ

تۆری سۆدۆکۆ پێهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بە ژمارە (١ تا ٦) پڕ کەیتەوە بە مەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ریزی ئاسۆیی و شاقوولی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | | | | 6 |
| | 6 | | 1 | 2 | |
| | | | 2 | | |
| | | 4 | | | |
| | 3 | 2 | | | |
| 1 | | | | 5 | |


## پایتەختی هەندێک وڵاتانی کیشوەری ئەفەریقیا

شاناز شوان -سەرچنار

| | |
|---|---|
| سوودان | خەرتووم |
| لیبیا | تەرابلوس |
| مۆریتانیا | نەواکشۆت |
| چاد | مۆرتلامی |
| ئەسیوپیا | ئەدیس ئەبابا |
| رۆدیسیا | لۆساکا |
| سۆماڵ | مەقادیشۆ |

## پاژەکانی ئەم مارە بدۆزەرەوە

سەلام سەلیم - سلێمانی



# هاوڕێیانی حاجیلە


بەرهەم هاوڕێ


هاژە هاوڕێ



شیراز ئەحمەد


تارا شاخەوان


ئاسوودە ئاراس


ئیناس فتاح



ئایلەدە ئاراس


بەیار یوسف



میدیا نەوزاد


مەریەم نەوزاد


ئەڤین ئاری


ڕۆژ ئاری


شاکار ئەسوەد


عەبدولعەزیز



## شوێن

ئەم شوێنانە کوێن لە بەرامبەریان ناوەکانیان بنووسە

ئاکۆ عەبدوڵڵا – کەسنەزان

– نەخۆشی تێدا چارەسەر دەکرێت.

٢– دز و پیاو خراپی تێدەخرێت.

٣– فڕۆکەی لێوە هەڵدەفڕێت.

٤– دەرمانی لێ دەفرۆشرێت.

٥– نامەی لێوە دەنێردرێت.

٦– مەلای تێدا بانگ دەدات.

٧– کتێبی زۆری لێیە.

٨– پارەی زۆری تێدایە.

ڕێزان ئەنوەر – ئەڵبی

## بمناسەوە

باڵندەیەکی زۆر ناوادارم، گەردنم درێژە و کێشم ١٥٠ کیلۆگرامە و درێژیم دوو مەتر و نیوە، خێراییی ڕۆیشتنم ٥ کیلۆمەترە لە کاژێرێکدا و حەز بە ژیانی کۆمەڵ دەکەم.

هێلکە دەکەم و کێشی هەر هێلکەیەکم یەک کیلۆ و نیوە، هەندێ جار تەمەنم دەگاتە ٢٥ ساڵ و نیشتمان و زێدم نیمچە دورگەی عەرەب و بیابانی ئەفەریقیایە.

## پێچەوانەی ئەم وشانە بە هێڵێکی ڕاست دیاری بکە

تری ئەحمەد – کۆری

| | |
|---|---|
| – گەمژە | شایی |
| – دۆزەخ | کۆیلە |
| – ویران | بێ ئەمەک |
| – زڕ | نهێنی |
| – سپلە | درشت |
| – پیادە | بەردار |
| – ئازاد | ئاوەدان |
| – ئاشکرا | بەهەشت |
| – شین | وریا |
| – ورد | سوارە |

## ڕامان

شیلان شەهید – هەڵەبجە

ئەگەر ئەم بازنەیە بکرێتە سێ کەرتی یەکسانەوە. ئەم خانەیە بە چ ژمارەیەک پڕ دەکەیتەوە

